جاران هەرچی عێراقچی بووایە، بۆ تیری یەکێتی دەبووە نیشانە. حاڵی حازر ‹حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق،› چونکە بانگەشە بۆ جیابوونەوەی کوردستان دەکا، ی ن ک گەڕی لێ ئاڵاندووە.
بەوەدا نزیکەی هەموو ئەندامەکانی حککع کوردن و لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستانیش دان، بۆیە تا زووتر عێراقییەکە لە کلکی خۆی بکاتەوە درەنگە.
یەکێتی لایەنێکی نەتەوەییە، بۆیە ئاساییە کوردی سوریایش چالاکانە کاری بۆ بکەن، وەک عومەری شێخمووس و یوسف زۆزانی دەیکەن. حککع لایەنێکی نێونەتەوەییە، بۆیە ئاساییە هەندێ ئێرانیش کاری تێدا بکەن. ئەوە جێی سەرنجە گوتاری سیاسی حیزبەکە و شێوەی ئاخاوتنی ئەندامانی تەواو لە گوتاری سیاسی و ئاخاوتنی کۆمۆنیستە ئێرانییەکان بچێ و تەنانەت لەوانەوە فێری خواردنەوەی چای ڕوونیش بووبێتن.
ئەوە حیزبی کرێکارانە، کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات و بەجۆرێ ڕەگوڕیشەی بە ناو چینی کرێکاراندا بڵاو بووبێتەوە، کە خەڵکی حیزبەکە و چینەکەی بۆ لە یەکدی جودا نەکرێتەوە. زۆربەی ئەو لایەنانەی لە کوردستان خۆیان بە حیزب دەزانن، ڕاستییەکەی گرووپ، تیپ، کۆمەڵەیەکی بچووک یان لە باشترین حاڵەتدا ناوکی حیزبن.
حککع جاڕی شەڕێکی ڕەوای داوە، بێ ئەوەی هیچ کام لەو کەرەسانەی دابین کردبێ، کە بۆ ئەو جەنگە پیرۆزە پێویستن. ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم پەڵەی شەرمە بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە، نابێ بۆ ڕۆنانی قەڵای سۆسیالیزم دەست لە ناسیۆنالیستەکان پان بکەنەوە.
ئەو گەمەی دیموکراسییەی لەژێر چەتری دەسەڵاتی ‹ینک›دا بەڕێوە دەچێ، خودی یەکێتی ڕێساکانی دیاری کردووە. ئەوی ئەو ڕێسایانە لەبەر چاو نەگرێ، مافی ئەوەیشی نییە بەشداری لەو گەمەیەدا بکات. حککع بەشداری لە گەمەکەدا کردووە، ئەوەتا ڕۆژنامە، ڕادیۆ و بارەگای ئاشکرای هەیە، کەچی ڕێز لە ڕێساکانی گەمەکە ناگرێ. ئەوی پێی وابێ یەکێتی سنگی هێجگار ئەوەندە فراوانە، لە ساویلکە بترازێ هیچی دیکە نییە.
هەڵەی کوشندەی حککع ئەوە بوو بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کرد. بەمە لە لایەکەوە دەستەکەی کەوتە ڕوو، کە حیزبۆکەیە نەک حیزب. لەو لایشەوە بەوەی بە ئاشکرا گومانی خستە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، خوێنی خۆی بە تەواوی کردە کاسەوە. ئاخر یەکێتی لەبەر ئەوە خوێنی پاسۆکی حەڵاڵ کردبوو،


KOÇER www.dengekurd.com

چونکە مەنجەڵە یاپراخێ بەشی دەکرد.

یەکێتی ساڵی ١٩٨٣ قەسابخانەیەکی بۆ شیوعییەکان سازکرد، ئەوسا ڕووی کردە بەغدا. کە لە بەعس نائومێد بوو، قەسابخانەیەکی بۆ موجاهیدینی خەڵق سازکرد، ئەوسا ڕووی کردە ئێران. پێ دەچێ ئەمجارە سەری کۆمۆنیستە کرێکارییە عێراقییەکان بکاتە دیاری، کە هاوزەمان بۆ عێراق و بۆ ئێرانیش دەست دەدا.

بەوەدا ی ن ک لە چەندین قوڵەوە هێرشێکی تۆکمەی دژی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان دەست پێ کردووە، ئەگەر نیازی ئەنفالکردنیانی نەبێ، ئەوا لای کەم سەرقاڵی دەمکوتکردن و دەستەمۆ کردنیانە. پێم وایە ئەگەر ئەوانە کۆمۆنیستی هۆشیار بن، پێش ئەوەی یەکێتی بە زەبری ‹یاسا› ڕەوانەی ژێرزەمینیان بکا، دەست بە خەباتی نهێنی دەکەنەوە.

حاجی کەسێکە بێ کەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان.

2000. 03. 19


KOÇER www.dengekurd.com